# هێزی رژێمی فاشیستی تورکیای داگیرکەر، دەبێت لە کودرستان بچێتە دەر..!!

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا و لەژێر چەندین بیانووی جۆراوجۆردا، تورکیا وەك ڕژێمکی فاشیست و داگیرکەر، چەندین جارو بەبێ گوێدانە هیچ یاساو پرەنسیپێکی ئینسانی و نێودەوڵەتی خۆی بەکوردستاندا دەکات و ناوچە سنوریەکانی کوردستان تۆپباران دەکات، وە بە ئازەووی خۆی لەو ناوچانە دێت و دەچێت. وەك هەمیشەش ئەم هێرشانە بووتە هۆی سەرلێشێواندنی خەڵك، داخستنی قوتابخانەی چەندین لادێ و شوێنە سنورییەکان و سەرگەردان بوونی منالان، سوتاندنی ڕەزوباخی خەڵکی و هەتا بگرە کوشتن و برێندار کردنی خەڵکی و ئاژەڵەکانیان و گەیاندنی زەرەرو زیانی زۆر بە سەروەت و سامانی خەڵکی ناوچەسنوریەکانی کوردستان.

بەو هۆیەوە کە کوردستان وولاتێکی سەربەخۆ نییەو بەشێوەیەکی ڕەسمیش لەڕووی ئیدارییەوە دەسەڵات لە کوردستاندا بەشێك نییە لە عێراق، بۆیە بۆ حکومەتی فاشیستی تورکیا ڕێگرییەکی ئەوتۆی نێودەوڵەتی و ئەقلیمی لە پێش خۆیدا نابینێ و زۆر بە ئاسانی هەر کات بخوازێ خۆی پێدادەکات. دیارە هێرشی سەربازی تورکیا بۆسەر کوردستانی عێراق، بە بیانووی ڕاوەدوونانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK یە، بەڵام دیارە ئەمە تەنها یەکێکە لە بیانووەکانی ئەم ڕژێمەو بۆ ئەوەیە کە شەرعییەت بات بە داگیرکردن و دەستێوەردانی کوردستان و قەتڵ و عامی ئەرمەنییەکان و هەتا دەگات بەمەسەلەی کەرکوك و چەندین مەسەلەی سیاسی تری هەرێمایەتی وتایبەت بە عێراق. هێرشی ئەم جارەی ڕژێمی فاشیستی توکیا، وەك هێرشەکانی جاران وساڵانی پێشوتر نییەو، هێرشی ئەم جارە خەتەرێکی زۆر جدییە بۆ تێکدانی ژیان و ئەمنییەتی خەڵکی کوردستان، بۆ داگیر کردنی کوردستان. بەتایبەت لە کاتێکدا کە بەڕەسمی پەرلەمانی تورکیا بڕیار لەسەر ئەم هێرشە دەدات و هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستانی عێراق بەڕەسمی شەرعییەت پێدادات.

لەم نێوەشدا هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستێکی جدیی نییە بۆ وەستانەوە بە دژی ئەم هێرشە سەربازییەی ڕژێمی فاشیستی تورکیا، وەك هەمیشەش چ حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ سەرۆك کۆماری عێراق زیاتر هەڵویستی سازشکارانە دەگرنەبەر، تا هەڵوێستی جدی و بەرپەرچدانەوە.

ئێمە لەسەنتەری منالان هێرشی سەربازی ڕژێمی داگیرکەری تورکیا ڕیسواو مەحکوم دەکەین، لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی کوردستان ، هەموو ڕێکخراوەکان و گشت ئینسانێکی ئازادیخواز دەکەین چ لە کوردستان و چ لە ئەوروپا و وولاتانی تری دنیا، کە لەبەرامبەر هێرشی ڕژێمی فاشیستی تورکیا بۆ سەر کوردستان دەنگ هەڵبڕن و ئیعترازو ناڕەزایەتی بەڕێبخەن، بە ڕیزی یەگگرتووی هەمووومان سیاسەتی نامرۆڤانە و داگیرکەرانەی ڕژێمی فاشیستی تورکیا شکست پێ بێن و ناچار بکرێن کە دەست لە ملهوڕی و داگیرکاری هەڵگرن.

ڕیسوایی بۆ سیاسەتی نامرۆڤانەو داگیرکەرانەی ڕژێمی تورکیا

بژی ئیرادەی خەڵکی ئازادیخواز، بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی سکۆلار

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

santarimnalan@yahoo.com

www.santarimnalan.com